

# فەزای دەق
## خوێندنەوەی نائومێدی ناوەندی ئەدەبیمان

**دڵشاد عەبدوڵڵا**

پەیوەندیی دەق لەگەڵ دەوروبەردا پەیوەندییەکی ئاڵۆزو فرەجۆرو فرەئاستە. ئەو پەیوەندییە هەر لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە دەق وەکو هێزێکی زیندوو دژی هەموو جۆرە راوەستانو جێگیرییەکەو تخووبەکان دەبەزێنێ بە تخووبی کەسی داهێنەریشەوە ! بەو واتایە کە دەق کیانێکی تایبەتو سەربەخۆیەو خۆی خۆی دەسەلمێنێ. من خۆم لەگەڵ ئەو جۆرە دەقانەم کە یەکەمجار کەسی نووسەر دەگۆڕێو لە ناخەوە هەڵیدەتەکێنێو دەیکاتە کەسایەتییەکی جودا لەوەی بەر لە نووسینی دەقەکە هەبووە، لێرە بایەخو دینامیکیەتی دەق بەر لە نووسەری دەق دەردەکەوێ، هەر ئەوەشە وا دەکا کە دەق خۆی هەڵگری هێزی مانەوەو جاویدانی بێتو ببێتە مایەی خرۆشانو جوڵە لەکاتێکدا مەرج نییە کەسی داهێنەر هەمان کارامەییو توانای بەو چەشنە بمێنێ، واتا نووسەر دەمرێ، بەڵام دەق نەمری لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ. ئێستا دەقەکانی نالیو جزیریو بۆدلێرو رامبۆو لۆرکا.. کاریگەرییان هەر ماوەو رەنگە تا سەردەمێکی دوورتریش هەر وابێ، کەچی نووسەرەکانیان لەبەر ئەوەی مرۆڤن توانای بەردەوامبوونیان لە سنووری مرۆڤبوونی خۆیاندا دیاریکراوبوو. بەجۆرێکی تر دەتوانین وای لێکبدەینەوە کە دەق هێزێکی خوڵقێنەری خواوەندانەیە لە مرۆڤدا چەشنی گلگامیش بەدوای

نەمرییدا دەگەڕێ، کە دواجار مەرگ جەستەی فیزیکی دەسڕێتەوە. ئەو وەکی (ئاتمان) رووناکییەکەی دەچێتە دەرەوەی جەستەو بەردەوام دەبێ لە درەوشانەوە.

یەکەم خاسیەتی دەقی داهێنەر تێپەڕاندنە، واتە بڕینی ئەو تخووبانەی پێشتر هەبوون، دەرچوونو دۆزینەوەی ئەگەری تازە لە عەدەمدا، ئێ خۆ عەدەمیش کۆمەڵە ئەگەرێکە کە فورسەتی دەرکەوتنیان بۆ نەڕەخسێنراوەو هەموو ساتێك پرۆژەن بۆ دەرکەوتنەوە لە داهێناندا. ئەو تخووبانە ئێجگار زۆرو ئاڵۆزن، خودی نووسەریش لە پرۆسەی خولقاندنی دەقدا لە دواجاردا وەکو تخووبێك دەبێ ببەزێنرێو ئەمەش نهێنییەکە لە نهێنییەکانی ئەفراندن. بۆیە دەبینین لای خوێنەری ئاسایی ئەو جۆرە دەقانە سەرەتا وەکی خیانەتێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێو لەلایەن زەوقی گشتییەوە دژایەتی دەکرێن تا ئەو ئەندازەیەی نەفرەتیشیان لێ دەکرێ. ئەو جۆرە خیانەتە سپییانە، خیانەتە لە زەوقی باو لە ئیقاعی باو لە وەستانو بۆگەنبوونی خەیاڵ..هتد. دواتر کە جێگەی خۆی بەزۆری دەکاتەوە ئەوجا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی فیکریو رووحی گشتی، ئەویش لەڕێی دۆزینەوەی لەلایەن خوێنەری زیرەکەوە، کە وای لێهات مەفهوومی خیانەت دەگۆڕێ بۆ مەفهوومی پەیامبەری.

ئەو پرۆسە ئاڵۆزو فرە رەهەندە لەڕێی ئەزموونو سەلیقەو شارەزاییو جورئەتو کارکردن لەناو زماندا ئەنجام دەدرێ، ئەمەش کارێکی ئاسانو هاکەزایی نییە، لە چوارچێوەی سوودوەرگرتن تەواو نابێو نایەتە بەرهەم. کە دەوترێ ئەفراندن واتا بەرهەمهێنانی دەقێك کە بەر لەخۆی نەبووە، منداڵیش تا لەدایك بێ پێویستی بە پرۆسەی تەلقیح هەیە، واتە پیتاندن تا ئەو کارە ئەنجام نەدرێ، دروستکردنی ژیان مەحاڵە، داهێنانیش وایە، ئەویش پرۆسەی زیندووبوونەوەیە، بەلاّم ئایا داهێنان لە بۆشاییەوە دێ؟! هەرگیز. هەمیشە وشە تامو بۆی ئەو موعاناتە هەڵدەگرێ کە لەو رۆژو سەردەمەدا هەبووە، چۆن درەخت کە بەر دەگرێ تام و بۆی ئاو و هەواو ئەو خاکە وەردەگرێ کە تێیدا رواوە، ئەوجا ئەگەر ئەو کارە لەڕێی هەستی ناسكو خەیاڵی بەرزو بیری پاكو روحی درەوشاوە بەرهەم بێ، دەبێ چ تامو بۆیەك وەربگرێ؟ دەق بەتێگەیشتن لێی پەیامی تەواو نابێ، بەڵکو دەبێ ئیمانیشی پێ بێنی، واتا لە تامو بۆ دەچێتە دەرەوەو جوانیو ئەفسوون دێتەگۆڕێ، دڵ بەشداری دەکا لەڕێپیشاندانی هەستەکان، کە ئەمەیان لە ناواخندا گەڕانە بەدوای بەهەشتی ونبوودا کە خاڵی هاوبەشە لەنێوان دەقو خوێنەردا. بۆیە دەق هەر بەو پێوانەیە تەفسیر ناکرێ کە لە هەر سەردەمێکدا هەیە، بەڵکو لەپشت ئەو جۆرە لێکدانەوانەدا سیحرێك دەمێنێ کە پێویستی بە پێوانەی ترە.

ئەدەب لە کۆندا لاساییکردنەوە بووە، لاسایی بوونێك کە بە دەستی غەیری ئەدیب دروستبووە، ئەدەبی تازە ئەو پێوانەیەی گۆڕیو ئەو زەمەنی تازەیە، ئەدەبیش ئەو کاتە دەستی پێکرد کە کەوتە بنیاتنانی بوونێك (بوونێکی رەمزی) لەبەرانبەر ئەوەی هەیە.

زۆرجار باسی شاکاری (یۆلیسیس)ی جیمس جۆیس دەکرێو دەوترێ کە لەو رۆمانەدا کاتی ئاسایی بیستو چوار سەعاتەو باسی لە ژیانی (بلوم) دەکا لە ناو دبلندا، بەلاّم زەمەنی راستەقینەی بیستو چوار سەعات نییە، بەڵکو زەمەنێکی ترە، زەمەنی ناخی پاڵەوانەکان کە پڕن لە رووداوی ترو ئەگەری ترو خولیای ترو جوانیی ترو زەمەنی ناوەوەو مۆنۆلۆجەکانی بلومە. ئۆدنی شاعیری ئینگلیزی لە جیاوازیی نێوان شاعیری ئاست نزمو ئەفرێنەردا دەڵێ، یەکەمیان بەبیرمان دێنێتەوە چۆن هەست بە شتەکان بکەین، زۆر شتیشمان بەبیردێنێتەوە، کەچی دووەمیان وامان لێ دەکا وەك ئەوەی یەکەمجارمان بێ ئەو شتانە ببینین، ئەو هەستەمان لا دروست دەکا کە لە یەکەم دیتندا دروست دەبێ. دەکرێ ئەو وتەیەی ئۆدن بەو شێوەیە لێك بدەینەوە کە ئەوەی شاعیری راستەقینە دروستی دەکا جیهانێکی ترە لەپاڵ ئەو جیهانەی هەیەو ئەوەش پێویستی بە هەستپێکردنی جوداو بینینی تازە هەیە. هەردەقێك هۆیەکانی

سەلماندنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە ناکرێ بەهۆی سەلماندنی پێشتر ئەوەی تازە خوڵقاوە بسەلمێنرێ. لە ئەدەبدا بەپێچەوانەی زانست تیۆری موتڵەق نییە، هەر دەقەو بەشێوەیەك دەسەلمێنرێو تاکە شتێك کە هاوبەشە ئەوەیە ئەدەب بێ نەك قسەی رووت، کە واشبوو دەبێتە شایەدی سەردەم.

ئەزموونو شارەزایی لە ئەدەبدا لە زۆر سەرچاوەوە دێ، یەکێکیان خوێندنەوەیە، بەڵام ژیان سەرچاوە گەورەکەیە. لە خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانی تردا هەمیشە خاڵیکی سلبی هەیە باسی دەکرێ ئەویش لاساییکردنەوەو وەرگرتنە. ئەو شتە زۆر وتوویژو راو سەرنجی جیاواز هەڵدەگرێ. دزینی بەرهەمی تواناو ماندووبوونی خەڵکانی تر جا هەر کەسێك بێت تاوانەو ئەوەی خاوەنی پەیامو دڵسۆزی بێت تخوونی ئەو کارانە ناکەوێ، ئەوە کاری پیاوانی پووچە! لە هەمبەر ئەمەدا جوامێری لەئەدەبدا هەیە، ئەو جوامێرییە لەلای تی.ئێس.ئالیوت–دا بەو شێوەیە دەبینین کە ئەو ئەزموونی بەرلەخۆی هەڵمژیووەو لێی وەرگرتوونو دەیان دەقی بەر لەخۆی بە باڵەکانیەوە لەرێی تووی هەلاڵەکانیانەوە هێناوەتە باخچەی خۆی، جۆرەها کەشوهەوای گواستۆتەوە ناو دەقەکانیو ناویشیانی هێناوەو لە پەراوێزی شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون، بەمەش چەندین رەهەندی تری لەبەردەم دەقەکانیدا والاکردووە، وەکی مایسترۆی تیپێکی مۆسیقا دێتە پێش چاو کە بەشێك لە مۆسیقاژەنەکانی هی تیپی تر بێ. لە بەرانبەر ئەو ئۆرکسترایەدا دەقی شیعرەکانی یەسنینو بلوكو گۆران دەخوێنینەوە کە دەڵێی دەنگی فلووتن یا کەمانێك کە بە تاکە ئامێرێك جۆرەها مۆسیقای بەجۆشو خرۆشیان ژەنیوە. ئەدەب بەو هەموو جۆرەوە زیندووەو ئەوانەش هەموویان گەنجینەن بۆ شاعیرێك دوای ئەو هەموو سەدەیە لە دوای هۆمیرۆسەوە بێو بیەوێ دەقێك بنووسێ، تەحا لەو کارە قورسو گرانە! پێم وایە چۆن دەقێکی بێگەردو پاکیزە نییە، ئەوها خوێنەری پاکیزەش نییە، باشە دوای ئەو هەموو ساڵانە بۆ ئێستا (نالی) دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەیە بزانم نهێنیی دەربڕین لای ئەو چییە؟ ئەو چۆن درکی بە سەردەمەکەی کردووە؟ دەستی بۆ چ فەرهەنگێك بردووە؟ ئێستا ئەو فەرهەنگە چی ماوە؟ ئەو سەردەمە گەیشتۆتە کوێ؟ من چی بکەم؟ چۆن سوود لە ئەزموونی شیعریی ئەو ببینمو ئەویش نەبم؟

زۆر جاران کە تەماشای کتێبخانەکەم دەکەم وام دێتە بەرچاو کە شارێکە لە چەشنی شارەکانی کۆنی یۆنان، شارێکە لە دەرەوەی زەمەنەکانو هەر کتێبێك ماڵی نووسەرەکەیەتی، ئەو کتێبانەی نەشم خوێندوونەتەوە ئەو ماڵانەن کە تازە هاتوونەتە گەرەكو هیچ شتێکیان لەبارەوە نازانم.

شارێکی گەورەی پڕ لە کۆنو نوێ، بەڵام مادامەکی هەموویان پرۆژەن بۆ خوێندنەوە بۆیە هەموویان نوێن یا پرۆژە بۆ نوێبوونەوە. من وا تەماشای ئەدەب دەکەم بەتایبەتی دەقی زیندوو کە هەرگیز کۆن نابێ،لە هەموو خوێندنەوەیەکدا بەرگێك فڕێ دەداو بەرگێکی تر دەکاتەبەری. بۆیە هەندێك کتێبی وا هەیە کە هەموو ساڵێ جارێك دەیانخوێننەوە.

دەق چۆن لە بۆشاییەوە نابێ، ئاوهاش ناچێتە ناو بۆشاییەوە، لەکوێوە دێ؟ سەرچاوەکانی فرەن. بۆ کوێ دەچێ، کەس ناتوانێ مەزەندەی بکا، چونکە دەچێتە ناو هەستو خەونو روحی کەسانێکەوە، نە پرۆسەی ئەو چوونە تەواو دەبێو نە ئەو کەسانەش تاهەتابێ دەبڕێنەوە.